لەژێر دروشمی

(لە پێناو پەروەردەکردنی نەوەکانی کوردستان .. بە ڕەوشتی بەرز... کوردایەتی ڕەسەن.. زانست و زانینی هاوچەرخ... بنەماکانی دیموکراسی )

ڕاپۆرتی کۆتایی... بڕیارەکان... ڕاسپاردەکان.

وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان یەکەمین کۆنگرەی پەروەردەیی خۆی لە ڕۆژانی ٢٦-٩٩٣/٩/٢٧ بە سەرۆکایەتی بەڕێز دکتۆر ناسیح غفور ڕەمەزان وەزیری پەروەردە لە هۆڵی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی دا بەست. یەکەمین دانیشتنی سەر لەبەیانی بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز کرایەوە، پاشان دەقیقەیەک ڕاوەستان بۆ خوێندنی (فاتحە) لەسەر گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، ئینجا ووتاری بەڕێز وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان خوێندرایەوە.

(دەقی ووتاری بەڕێز وەزیری پەروەردە)

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

خوشک و برایانی بەڕێز

میوانە خۆشەویستەکان، ئامادەبووانی کۆنگرە

پێشەکی بەبۆنەی بەستنی ئەم کۆنگرەیە، کە یەکەم کۆنگرەی پەروەردەیی وەزارەتەکەمانە لە کوردستانی ئازاد و فیدراڵدا پیرۆزبایی لە خۆمان و ئێوەی هێژا و خۆشەویست دەکەین.

بەخێرهاتن و سوپاسی بەشداربوونتان دەکەین.

ئومێدەوارین کۆنگرەکەمان، کۆنگرەیەکی زانستی بەسوود و سەرکەوتووبێت لە جێبەجێ کردنی مەبەست و ئەرکەکانی لە داڕشتی نەخشە و پرۆگرامێکی لەبار و گونجاو بۆ گەشەپێدانی بواری پەروەردە و فێرکردن بە گشتی و پێگەیاندن و پەروەردەکردنی نەوەکانی کوردستان – قوتابیانی ئەمڕۆ و مامۆستا و ڕۆشنبیرانی

داهاتووی گەلەکەمان بە خورەوشتی بەرز و ڕێبازی ڕەسەنی کوردایەتی و زانست و زانینی هاوچەرخ و بنەماکانی ژیانی دیموکراتی بە تایبەتی.

بەڕێزان..

ڕاپەڕینە مێژووییەکەی بەهاری ٩٩١ و ئازاد کردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و پاشان کۆچ ڕەوە ملیۆنییەکەی هەمان بەهار بۆ ئەو دیوی سنوورەکان و ئەوجا گەڕانەوە بۆ خاکی باو باپیران و خۆڕاگرتن و کۆڵنەدان. هەموو ئەمانە سەرەتایی داستانێکی قارەمانیەتی لەبن نەهاتووی گەلەکەمانن و قۆناخێکی نوێ یە لە مێژووی کورد و کوردستان دا.

بەڵێ وولاتێکی کاول و وێرانکراو، گەلێکی مافی پێشێل کراوی و لێقەوماو، ڕەش و ڕووت و پێ خواس و برسی، بێ دالدە و ئاوارە لە هەوارگەی خۆی.. بەلاًم کۆڵنەدەر و دڵ پڕ لە هیواو ئومێد، نەک هەر ڕووبەڕووی سەرما و برسیەتی و هەڕەشە و ئابلۆقەی دوژمن ڕاوەستا، بەڵکو خۆی ڕاگرت و سەرکەوت.

داستانێکە و لە یاد ناکرێ، ئەزموونێکی سەرکەوتووانەیە و گەلانی تر ئاماژەی بۆ دەکەن، لە ئەنجامی کشاندنەوەی دام و دەزگاکانی ڕژێمی بەغدا لە کوردستان، هەڵبژاردنی گشتی ڕاگەیەندرا، گەلەکەمان بە سەربەستی و ئازادی یەکەم پەرلەمانی خۆی هەڵبژارد و لە ئەنجامدا یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان پێک هێنرا.

ڕەوشی شۆڕش شێوەیەکی تری وەرگرت. لە جیاتی شۆڕشی چەکداری و بەرخودان، شۆڕشی خۆڕاگرتن و ئاوەدان کردنەوە و گەشەپێدان دەستی پێکرد. وەزارەت و دام و دەزگا پێویستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانران. هەر یەکە و لە بواری چالاکی خۆیدا دەست بەکاربوو.

یەکێک لەو دەزگا گرنگانە وەزارەتی پەروەردە بوو.

ئەبێ ئەوەش بخەینەوە یاد ئەگەر چی ڕژێم و دام و دەزگاکانی بەناو (پەروەردەی) خۆی گواستەوە، بەلاًم لەگەڵ ئەوەشدا خوێندن ڕانەوەستاوە هەر بەردەوام بوو.

لێرەدا  مامۆستا سەربەرزەکانی کوردستان ڕۆڵێکی پڕ لە شانازی و پیرۆزیان هەبوو، نەیان هێشت قوتابیانی کوردستان لە خوێندن فێرکردن بەبێ مووچە و بە نوکران زاتێکەوە خزمەتی خۆیان پێشکەش ئەکرد.

ڕەوڕەوەی پەروەردەکردن لە کوردستاندا ڕانەوەستا، بەڵام پەروەردە کردنێک، بێ گومان درێژەپێدانی عەفلەقیەکان نەبوو، بەڵکو گرتنەبەری ڕێبازێکی کوردەواری نوێ بوو لە پەروەردەکردن.

ئامادەبووانی بەڕێز:-

شاراوە نییە کە ڕژێمی بەعسی عەفلەقی بایەخی بە پەروەردە و فێرکردن ئەدا و چۆن مێشکی منداڵ و نەوجەوان و لاوانی کوردستانی بە بیروبۆچوونی دوور لە داب و نەریتی ڕەسەنی کوردەواری زاخاو ئەکرد بە مەبەستی بە بەعسی کردنیان و بە عەرەب کردنی کوردستانە  شیرینەکەمان هەرچی لە دەست هات کردی، کە بەداخەوە هێشتا بە تەواوەتی لە ئاکارەکەی ڕزگارمان نەبووە.

ئەو پەروەردە کردنەی پێشووی بەعس ئەبێ لە بناغەوە هەڵبووەشێتەوە، گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بوارەکانی پەروەردە ئەمڕۆی کوردستان بکرێ. پەروەردەی ئێمە ئەبێ پەروەردەی کوردایەتی و مرۆڤایەتی بێت. دژی هەر جۆرە چەوساندنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و ڕێزنان لە مافی مرۆڤ بێت. داکۆکی کردن بێت لە ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی و برایەتی و کۆشش کردن بۆ پێشخستنی پەروەردە و دوا نەکەوتنی گەلەکەمان لە کاروانی شارستانیەتی گەلانی تر.

بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستە پیرۆزە و پەیڕەوکردنی ئەم ڕێبازە زانستی یە، یەکەم هەنگاو دوای پێکهێنانی وەزارەتەکەمان، دانانی یاسا و پەیڕەی ناوخۆیی وەزارەتی پەروەردە بوو.

ئەوەی شایانی گوتنە، یەکەم یاسای وەزارەت کە لە پەرلەماندا پەسەند کرا، یاسای وەزارەتی ئێمە بوو.

لەم ڕۆژەوە لە بەر ڕۆشنایی ئەو یاسایەدا لەماوەی ئەو چواردە مانگ و نیوەی ڕابردوودا، چەندین پڕۆژەی گرنگ و ئەرکی پەروەردەی پێویستمان بە ئەنجام گەیاندووە.

ئەم کۆنگرەیەشمان بۆ ئەوە ئەبەستین، کە بە چاوێکی زانستی و دووربینانە ئاوڕێک لە ڕابردوومان بدەینەوە و هەڵیبسەنگێین و لایەنە باش و خراپەکان دیاری بکەین و پەرە بە لایەنە باشەکان بدەین و چارەسەر بۆ کەم و کوڕی و ناتەواویەکان بدۆزینەوە و سوودیان لێ وەربگرین و بەرنامەیەکی زانستی و هاوچەرخی پەروەردەی دابڕێژین بۆ پێشخستنی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستانی خۆشەویستدا.

ئیتر بەهیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەمان.
١٩٩٣/٩/٢٦

دەستەی سەرۆکایەتی خرایە بەردەم ئەندامانی کۆنگرەو بە تێکرای دەنگ ئەم بەرێزانەی خوارەوە هەڵبژێردران :-

١. بەرێز دکتۆر ناصح غفور رمضان سەرۆکی کۆنگرە

٢. بەرێز ناظم عمرحمد جێگری سەرۆک

٣. بەرێز جوهر طاهر بکر بریاردەر

لەسەر پێشنیاری سەرۆکایەتی کۆنگرە و ڕەزامەندی بەشداربوان لێژنەی دارشتن لەم بەرێزانەی خوارەوە پێک هێنرا.

١. بەرێز ناظم دهام جمیل / سەرپەرشتیاری پسپۆری هەولێر/ سەرۆک

٢. بەرێز محمد امین حسن / جێگیری بەرێوەبەری گشتی پەروەردەری دهۆک / ئەندام

٣. بەرێز حسین عثمان معروف / بەرێوەبەری نەخشەکێشان پەروەردەری سلێمانی / ئەندام

دانیشتنی یەکەم : بەیانی ١٩٩٣/٩/٢٦

أ. راپۆرتی لێژنەی نەخشەکێشانی پەروەردەیی و پرۆگرام و پەرتووک لە لایەن – مامۆستا عمر طاهر خوێندرایەوە .

دانیشتنی دووەم : ئێوارەی ١٩٩٣/٩/٢٦

ب. راپۆرتی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆری لەلایەن مامۆستا علی محمود جوکل خوێندرایەوە.

ج. راپۆرتی ئەزموونەکان لەلایەن مامۆستا مجید نورالدین یونس خوێندرایەوە.

دانیشتنی سێیەم : سەر لەبەیانی ١٩٩٣/٩/٢٧

د. راپۆرتی لێژنەی بنەماکانی کخستنی میلاکات لەلایەن مامۆستا فؤاد حمید ذنون خوێندرایەوە.

ه. راپۆرتی لێژنەی باری فێرکردن لە قۆناغەکانی خوێندن لەلایەن مامۆستا مجید ابراهیم خوێندرایەوە.

پاش گفتۆگۆکردن لە هەموو تەوەرەکانی کۆنگرە لێژنەی دارشتن دوای بەراورد کردنیکی پوخت لە نێوان گشت پێشنیارەکانی ئەندامانی کۆنگرە، ئەم بریار و راسپاردانە تۆمارو پەسند کران:-

**((بریارەکانی کۆنگرە))**

١. گشت توانایەک تەرخان بکرێت بۆ گەشەکردنی جۆری و بابەتی لە بواری پەروەردەدا وەک چاککردنی بەرنامەی خوێندن و زیاد کردنی مەشق بۆ مامۆستایان لەسەر تازەترین بابەتی خوێندن.

٢. دانانی (ئەنجومەنی نەخشەکێشانی پەروەردەیی) کەلە پسپۆرانی ناوەوەو دەرەوەن وەزارەت پێک بهێنرێت.

٣. داوا لە ئەنجومەنی وەزیران بکرێت کە ( کۆری زانیاری کورد) دابنێن ، هەتاکو ئەم پرۆژەیە ئەنجام دەدرێت لێژنەیەکی تایبەت دابنرێت بۆ یەکخستنی زارەوەکان. وە لە کۆتایی هەر کتێبێک فەرهەنگێکیان دەبێت بۆ یارمەتی دانی قوتابیان.

٤. دانانی چەند مامۆستایەکی دەرچووی بەشی سەرژمێری بەشیوەیەکی کاتی لە بەشی (سەرژمێری و نەخشەکێشان) ی بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەدە بۆ پرکردنەوەی ئەم بۆشاییانە بە کادیری باش و لێهاتوو.

٥. لە بودجەی ساڵی (١٩٩٤) پارە دابیین بکرێت بۆ کرینی ئامێرو زیاد کردنی مەشق و راهێنان بۆ زیاتر بایەخدان بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری لە قوتابخانە پیشەیی یەکان دا .

٦. لەبەر گرینگی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا دەبێ زیاتر بایەخ بدرێتە قوتابخانە کشتوکاڵی یەکان.

٧. هەول و کۆشش کردن بە پەلە بۆ گۆرینی خوێندن لە پەیمانگا و قوتابخانە پیشەیی یەکان بۆ زمانی کوردی.

٨. دامەزراندنی پسپۆری تایبەت لە زانیاری بازرگانی و پیشەسازی بۆ سەرپەرشتی کردنی قوتابخانە پیشەیی یەکان.

٩. خوێندنی وانەکانی(فیزیاء – کیمیاء) لە قوتابخانە پیشەیی یەکاندا.

١٠. مامۆستا لە قوتابخانە پیشەیی یەکاندا ئەبێ بەلایەنی کەمەوە هەڵگری بروانامەی بکالۆریۆس بن.

١١. دانانی لێژنەیەکی تایبەت لە پسپۆرانی زمان بۆ پێداچونەوە بەسەر وەرگێرانی کتێبەکان.

١٢. دانانی لێژنەک لە پسپۆران و بەرێوەبەران لە سنوری بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە بۆ سەردانی رێکخراوە مرۆڤایەتی و خێرخوازەکان بە مەبەستی شکاندنی ئەو ئابلوقەیەی رژێمی بەعسی بەسەر گەلەکەمانی سەپاندووە.

١٣. بایەخ دان بە بلیتی قوتابخانەیی و چاوپیدا خشانەوەی بە مەبەستی پەرەپێدان و رێکخستنی ناوەرۆکەکەی کە بگونجێت لەگەل بارودۆخی ئەمرۆی هەرێم دا.

١٤. دانانی میلاکی نەخشەکێشان لە دیوانی وەزارەت بەهێز کردنی بە تایبەتی بەشەکانی لێکۆلینەوەی زانیاری – ئامار – نەخشەکێشان.

١٥. بایەخ دان بە مەسەلەی (رابەری پەروەردە) لە قوتابخانە ناوەندیەکان ، بۆ (ئەمەش ژمارەیەک لە دەرچوانی بەشی (دەروون ناسی) دابمەزرێن تاکو زۆربەی قوتابخانەکانی هەر چوار پارێزگا سەرپەرشتیاری تایبەت هەلیان بسەنگێنن.

١٦. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە بکرێتە دەزگایەکی بەرهەم هێنەرو دەرماڵە بۆ فەرمانبەران و کرێکارانی هونەری تەرخان بکرێت بۆ بنبرکردنی گواستنەوە لەچاپخانە بۆ شوێنی تر لەگەل دانانی پلیتی لەبار بۆ چاپ کردنی پەرتوکەکان و ئامادەکردن و رێکخستنی کۆگا بۆ پارێزگاری کردنی ماددەکان و چاککردنەوەیان(ترمیم).

١٧. پرۆژەی وانەکانی تەلەفزیۆنی زیندوو بکرێتەوە و پارەی بۆ تەرخان بکرێت و لە ژێر چاودێری لێژنەیەکی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەیەکانی پەروەردە مامۆستای کارامەو لێهاتوو بۆ ئامادەبکرێت.

١٨. پەلە بکرێت لە پرۆژەی نمرەی پەیوەستی (الدرجه المعياريه) لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی و ناوەندی و پاداشت کردنی ئەو قوتابخانانەی نمرەی پەیوەستی باشیان بەدەست هێناوە لەگەل چوار قوتابی یەکەم لە ئاستی هەرێمی کوردستاندا.

١٩. مەرجی رێژە هەلبگیرێت بۆ ووتنەوەی (محاضرات) بەلام مامۆستای قۆناغی ئامادەیی نابێ لە هەفتەیەکدا لە (٣٦) وانە زیاتر بلێتەوە و لە قۆناغی ناوەندی (٤٠) وانە زیاتر نەبێت لەگەل تەمەنی خۆی.

٢٠. دەسەلاتی سزادانی سەرنج راکێشان (الفات نظر) و سوپاس کردنی مامۆستا بدرێت سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و پسپۆری لەکاتی پێویست دا.

٢١. بەرنامەی (استماره ) سەرپەرشتیاری بە شێوەیەکی تازەی ئەوتۆ دابرێژرێت کە بگونجێت لەگەل باری پێش خستنی کاری سەرپەرشتیاری و بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایان، وە هەردوو لای کارگێری و تەکنیکی بگرێتەوە.

٢٢. سەرپەرشتیاری کە لەپێناوی خزمەتی نەوەی داهاتوو کار دەکات دەبێ بەپێی چەند مەرجێکی تایبەتی دابمەزرێت وەک:-

أ. لێوەشاوەیی و پاک و خاوێنی رابردووی ئەو کەسە.

ب. پێشکەشکەر نابێت گوزارەی لە بواری پەروەردەی لە (١٥) ساڵ کەمتر بێت.

٢٣. گواستنەوەی مامۆستا و رێکخستنی میلاک لە ئەستۆی یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەی و پسپۆری بێت بە هاوکاری لەگەڵ پەرێوەبەری گشتی پەروەردە.

٢٤- هەلسەنگاندنی مامۆستا بەم شێوەیە بێت:-

٦٠% بو هەلسەنگاندنی سەربەشتیاری پەروەردەی و پسپوری.

٢٠% بۆ بەریوەبەری قوتابخانە.

٢٠% بۆ ریژەی دەرچوونی ( نسبە النجاح).

٢٥- هەروانەیەک دەبی مامۆستای خۆی بۆ دابمەزرێت ، لەگەڵ راگرتنی گواستنەوەی فەرمانبەران بۆ ماؤستایی.

٢٦-دانانی هاتوو بو پەیمانگاکانی مەلبەندی وە گیاندنی مامۆستایان و دەستنیشان کردنی ئەو کەسانی گوازرەیان لە پینج سال زیاترە بۆ ئەم مەبەستە.

٢٧- چەسباندنی و وشەی (مامۆستا) بۆ هەموو کارمەندانی پەروەردە لە جیاتی ووشەی فێرکار- وانەبێژ- دەرسکار.

٢٨- کردنەوەی خۆلی بەهێز کردنی مامۆستایان لە زمانی کوردی لە شوێنانەی خوێندنیان بە عەرەبیە.

٢٩- ئەو مامۆستایانەی لە کاری پشکنین و نرخاندنی تینووسە ئەزموونییەکان دادەنرین نابی بو چاۆدیری لە هولە ئەزموونیەکان دابنرین و پیویستە تەنها یەک کاریان لە پێ بسپێردرێت.

٣٠- بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری تاقیکردنەوەکانی پێشەکی قوتابییە دەرەکییەکان و دووبارە کردنەوەی تاقیکردنەوەکانیان لە هەموو سالیکدا کەتیادا دەرناجی.

٣١- ئامادەکردن و دانانی شوێنی شیاو بۆ مە لبەندەکانی کونترول بە تایبەتی مەڵبەندی

کونترول ئامادەیی لەگەل کەل وپەل و پیداویستەکانی.

٣٢- بۆ وەرگرتنی مولەتی بێ مووچەی سالانە ئەبی سەرەتا رەزامەندی بەریوەبەری قوتابخانەی سەرپەرشتیاری و بەریوەبەری گشتی پەروەردە وەربگرێ ئینجا بۆ وەزارەت بەرز بکریتەوە ئەمەش پێش گواستنەوە دەرچوونی گواستنەوە دەبی بۆ ئەوەی کاری خراپ نەکاتە سەر رێکخستنی میلاک.

٣٣- موولەتی دایکایەتی ئەبی راستەوخو پاش مولەتی لە دایک بوون دەست پی بکات.

٣٤- چالاكی قوتابخانەكان بۆ ئەوەی كارەكانیان بەباشی ئەنجام بدەن ئەبی ئاهەنگی خەیری شانوگەری بەسوود بگیرن وریزەیەكی بار لە داهاتە كەی بۆ خویان تەرخان بكەن بۆ دابین كردنی پیدا وستەكانیان.

٣٥- بایەخ دان بە تاقیگەكان وهەول بدریت هەمو پیداویستەكانیان بو ئامادە بكریت ودەرمالەی هاتووجویان بدریت بەبەی خشتەی كاری سەربەرشتیاری  وە ریكستی پیشگیری سالانە بۆ تاقیكەكان لە گشت پاریزگاكانی هەریم.

راسپاردە وپیشنیارەكان

١-پیشنیار دەكەین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران كە زانكۆی سەلاحەددین هاوكاریمان بكات بۆ دانانی بە بەرنامەیەكی مەشق وراهینانی بۆ مامۆستا و فەرمانبەران بە هوی كولیژەكانی پەروەردە زانیاری كارگیری و ئابووری.

٢- بە پەلە پارەیەكی  باش تەرخان بكریت بۆ چاپ كردنی كتیب بۆ بولەكانی یەك- دوو –سی-چواری سەرەتایی وە مەلزەمە بۆ پولەكانی تر.

٣- لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران داوا كارین كە پروژەی(كوری زانیاری كورد) ئامادە بكات .

٤-پیشنیار دەكین هەموو یارمەتیەكی خێرخوازان و كارەكانیان لە رێگەی وەزارەتی پەروەردە بێت بۆ ئەوەی هەموو ناوچەكانی كوردستان بە شیوەیەكی عادیلانە بكرێتەوە.

٥-داواكارین رێژەی وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەیی پیشەییەكان لە زانكوكانی كوردستان بكریت بە ٢٥% لە جیاتی ١٠%.

٦- بیركردنەوە لە دانانی شیوەیەكی یەكگرتوو بۆ خۆیندن ویەكخستنی شێوەی خوێندن لە هەریم دا بۆ سوود وەرگرتن لە هەموو شێوەكانی زمانی كوردیدا.

٧- ئەو قوتابیانی كە كەسانی تر لە جیاتی خویان دەنیرن بۆ هۆلی ئەزمونەكان بە مەبەستی قوپیە دەبی بەپێی یاسای دادگەی سزای سزا بدرین سەرەرای كەوتن (راسب) یان بە هاوكاری لە گەل وەزارەتی داد(العدل) دا.

٨- مەڵبەندی ئەزمونەکان لە لایەن سەرپشتیاری پەروەردەی و پسپوری بە هاوکاری لەگەل بەشی تەکنیکی لە بەرێوەبەرایەتیە گشتی یەکانی پەروەردە دەستیشیان دەکریت.

٩-دانانی بەرنامە(استمارە)ی تایبەت بۆ هەلبژاردنی بەرێوەبەری هۆل وهەلسنگاندنی پالێوراو لەلایەن بەرێوەبەری قوتابخانە.

١٠- دابەش کردنی قوتابی دەرەکیەکان بەسەر گشت هولە ئەزمونیەکان بەشێوەیەکی ئەوتۆ کەکار نەکاتە سەر تاقی کردنەوە وهێمنی هول.

١١- بۆ بن برکردنی مەبەستی خۆخستن(الرسوب المتعمد) پیشنیار دەکەین لیژنەیەکی پزیشکی بۆ دووبارە کردنەوەی(فحص)ی قوتابی دابنریت لە سەر راپورتە پزیشکی یەکە بۆ ئەوەی بۆی بەسالی کەوتن هەژمار نەکریت بەلام ئەبی(٢٠) نمرەکەی هەر لیَ بشکیّت لە کاتی وەرگرتنی لە زانکودا.

١٢- کرینی چوار ئوتومبیل بۆ بەرێوەبەری گشتیەکانی پەروەردەی پاریزگاکان بۆ ئەنجام دانی ئیش وکاریان.

١٣- کاروباری ژمیریاری (٥٠) سالە هەتاکو ئیستا هەر بە یاسای ژمارە ٢٨/ ی سالی ٩٤٠ ئەنجام دەدریت،کارەکانمان لەژیر دەستی خەزینە دایە وسلفەیەک بە (٢٠) روژ خەرج ناکریت، بۆیە پیشنیار دەکەین کە ژمیریاری (حسابات) بەشیوەی یەکەی ژمیریاری بێت و بو رەقابەی مالی مل کەچ نەبین.

١٤- پیشنیار دەکەین کە بەشی وەزارەت و بەرێوەبەرایەتیە بەگشتیەکان لە داهاتی فروشکاکانی قوتابخانەی (الحوانیت المدرسیە) کەلە ٢٠% بۆ هەریەکە تەرخان کراوە بکریت ١٠% بۆ وەزارەت و ١٠% بۆ پەروەردەی لەبەرکەمی دەرامەتی قوتابخانەکان لەگەل بەکارهینانی شیوەی یەکری دان لە جیاتی هەرەوەزی لە داهاتوودا.

١٥- زیاد کردنی دەرمالەی خیزان و منال (مخصصات الزوجیة و الاطفال) بە شێوەیەک کە لەگەل بارو دۆخی ئابووری ئەمرۆی هەرێم بگونجێت.

ئەمەو بەرێز دکتور ناصح غفور رەمەزان سەرۆکی کونگرە بەم ووتارەی خوارەوەی کۆتایی بە کۆنگرەکە هینا کەفەرموویەتی:-

خوشک وبرایانی خوشەویست... مامۆستانی بەریز... ئامادە بووانی کونگرە....

سوپاس بۆ یەزدان و سوپاس بۆ لیژنەی سەرپەرشتی و ئامادەکردنی کونگرە و گشت ئەو مامۆستا و فەرمانبەرانەی وەزارەت کە بەشدارییان لە ئامادەکردنی وسەرکەوتنی ئەم کونگرەیدا گێرا.

سوپاس بۆ دڵ فراوانی و پشوو درێژی ئێوەی بەریز بۆ بەشداربوونی چالاکانە و راو بۆچوون و تێبینیە بەنرخەکانتان کۆنگرەکەمانی کە یەکەم کونگرەی پەروەردەیی وەزارەتی پەروەردەی هەریمی کوردستانە،بەخوشحالی یەوە دەولەمەند وسەرکەوتوو کرد.

بەناوی ئێوەی بەرێز و هیژا، وە بەلێن بە گەلەکەمان ئەدەین کە لە ئاستی ئەرک و فرمانداری سەرشانمان بێت وە ئەوەی لە تواناماندا هەیە بۆ خزمەت کردنی کورد و کوردستان و پەروەردە و قوتابیان و مامۆستایان درێخی نەکەین و ئەو دروشە پیروزانەی کە کردومانن بە دروشی کونگرەکەمان لە پێناوی پەروەردە کردنی نەوەکانی کوردستان بەرەوشتی بەرز، کوردایەتی رەسەن، زانست وە زانینی هاوچەرخ لەسەر بنەماکانی ژیانی دیموکراسی لە بیرو بۆ چون و کاروکردەوەکانماندا پەیرەویان بکەین ودلسوزی پەروەردە و گەل ونیشتمان بین.

ئیتر هەربژین وشاد و سەرفراز و سەرکەوتووبن دووبارە پیروزبایی لە خۆمان لە ئێوەی بەریز ئەکەم کە کۆنگرەکەمان سەرکوتووانە بەئەنجام گەیشت وسوپاس.